# سەری بگرن وبەری بگرن, لەحوکمەزاتییەکە زیاترنییە!

**محمـــد غفـــور**

لەڕاپۆرتێکی ڕۆژی2-9-2005ی ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمزدا هاتووە: "سەرکردەی پێشمەرگەکانی کورد دووبارە سەرکەوتنی تۆمارکرد، بەڵام ئەمجارە لەبەرەی شەڕدا نەبوو بەڵکو لەژوورەکانی نووسینەوەی دەستووربوو لەبەغدا، دوای سێ هەفتە گفتوگۆکردن لەبەغدا بارزانی سەرکردەی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو گەلێك لەو داخوازیانەی جێگیرکرد کەگەلی کوردستان داوای دەکات. سەروەری ئەو هەرێمە چەسپا کەلەنیمچە دەوڵەتێکەوە نزیکە". ئەم ڕاپۆرتە زۆربەپوختی پلاتفۆرمی بزووتنەوەی کوردایەتی دەخاتەڕوو لەم مامەڵەیەی ئێستایاندا کەچۆن بەناوی دەستوور وعێراقی فیدراڵەوە، بەشێوەیەکی ئاشکرا هەم خواستی سەرتاسەری خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی سەرکوتکردووە، وهەم دەرفەتی مێژوویی جێبەجێبوونی ئەم خواستەیان هەڕاجکردووە بەدەستێکەڵکردن لەگەڵ ئیسلامی شیعەدا بۆبردنەپێشی نەخشەی داگیرکاری ئەمریکا، لەپێناوی بڕێك ئیمتیازاتی زیاتر بۆ خۆیان وحیزبەکانیان. بەتەنها سەرنجێك لەوڕستەیەی هێڵم بەژێرداهێناوە بەسە بۆئەوەی فیلمی کارنامەی بوودەڵەیی ناسیونالیزمی کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی بێتەوەبەرچاو! "سەروەری ئەو هەرێمە چەسپا کەلەنیمچە دەوڵەتێکەوە نزیکە!!".

بەڕاستی کامانەن ئەو دەسکەوت وسەرکەوتنانە!؟ کامەیە ئەو سەروەرییەی واچەسپاوە!؟ ئەمە کەپارتی ویەکێتی لەژێر ڕەحمەتی ئەمریکادا دوو ئەمارەتی گەندەڵی وڕاووڕووتی"سۆران وبابان"یان قووتکردۆتەوە وخەڵك تیایدا وەکو کۆیلە ورەعییەتیان لێهاتووە وخۆشیان لەعەرشی فیرعەونیدان!؟یاخود ئەمە کەبەپشتی هێزی پێشمەرگە وپۆلیس وئاسایشەکەیان، بەزۆری چەك وتۆقاندن، خەڵکی پەلکێشکەنە ژێر هەرسیاسەتێکی چەوتی خۆیانەوە، وچۆنیان پێخۆشبێت بەداروبەردیاندا بدەن!؟ نـــا،نەخێر ئەمانە هەرگیز ناتوانرێ وەکو خواست وهیواوئومێدی خەڵکی کوردستان بقەبڵێنرێن. ئەمە لووتکەی ئومێدی بزووتنەوەی کوردایەتییە کەلەپێناویدا لەبەردەمی کۆنەپەرستترین هێز ودەوڵەتدا چەماونەتەوەبۆی وخەڵك وچارەنووسی کوردستانیش بایی پووشێك نرخی نەبووە لایان. بەداخەوە خەڵکی کوردستان جارێکان تەحەمولی ئەم فیرعەونانەیان کردووە، وئەوانیش خۆیان لێکردوونەتە دەمڕاست. ئەو بارودۆخەی کەوایکردووە بەشێکی داگیرکاری ئەمریکایە بۆ عێراق وئەم جەهەننەمەیە کەخەلکیش وخۆشیان تیایدا چەقیون. بەهەرڕادە ئەم بارودۆخە بەباری کۆتاییهاتنیدا بچێتەبەرەوە، بەهەمان ڕادەش بزووتنەوەی کوردایەتی وئاسۆی وەهمی نەتەوەچێتی دووردەکەوێتەوە.

نیۆیۆرك تایمزیش زمانحاڵی پڕوپاگەندەی حەقیرانەی ڕۆژئاوایە وئەرکی پیاهەڵدانی پێسپێردراوە بەسەر پڕووپووچی دیموکراسی ڕۆژئاوایی ومافە مرۆڤەکەیاندا، وەك چۆن لەکاتی جەنگدا تەپڵی بۆ پەلاماری سەربازی ئەمریکا لێدەدا گوایا لەپێناوی ڕزگاری خەڵکی عێراق ولەناوبردنی تیرۆردایە، وپێشی دەبابەکانی ئەمریکا وبەریتانیا کەوتبوو، وهەمیشە لەبەرامبەر بەخەلکی عیراقدا وەستابوو، بۆ دەربازبوون لەولیتاوەش کەعێراقیان تێگلاندووە ولەڤێتنامێك بەولاوەترە ، ئاساییە سوێند بەڕیشی گڵاوی ئەم نۆکەرانەی خۆیان بخۆن بەمەبەستی داپۆشینی ناکامییەکانیان. وەبۆ بەلاڕێدابردنی شەپۆلی ناڕەزایەتیی گشتی ناوخۆی ئەمریکا و وولاتانی تری ڕۆژئاواییش لەدژی داگیرکردنی عێراق کەڵکی لێوەربگرن.

بەبڕوای من ئەم پێناسەکردنانە وئەم قەرزاربارکردنەی خەلکی کوردستان لەبەردەم کۆنەپەرستان وسەرۆك خێڵی لەچەشنی بەرزانی وتاڵەبانیدا، گەورەترین سووکایەتیکردنە بەهەست وشعور وموقەدەسات وئایندەی خەڵکی کوردستان. ئەو داخوازیانەی گوایا98٪ لەدەستووردا جێگیربووە هەرئەوەیە کەهەیە وئەیبینین ولەئاستی ڕەسمی ودانپیانراویشدا هەرچییەکی لێبکرێت لەحوکمی زاتییەکەی 970 بەولاوەتر نییە. ئەگەر ئەوسا هەۆچۆنێك بێت دەوڵەتێك وبنەمایەکی یاسایی وچوارچێوەیەکی وولاتیی نێودەوڵتی هەبوو، خۆئێستا ئەوەش نابوودبووە وجەنگی ناوخۆ ڕۆژبەڕۆژ بەڕەگ وڕیشەی ژیان وبنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا ڕۆچووە وئیرادە وماف وشەخصیەتی ئینسانیی وهاوولاتیبوونی لەبەریەکهەڵوەشاندووە. ئەم درۆ وپڕووپووچانە بۆچی بۆتە میحوەری تەبلیغاتی ڕاگەیاندنی ڕەسمی! تاکەی ئەم فریوکارییە بڕەدکات!؟ ئەوسا گەورەترین کیشە ومەسەلەی کۆمەڵگای عێراق مەسەلەی کوردبوو کەفاشیزمی بەعسی بەهەموو شێوەیەك سەرکوتی دەکرد وخەلکی کوردستان بەرگریاندەکرد. بەڵام ئێستا لەپاڵ نەبوونی دەوڵەت ومەسەلەی داگیرکاریدا، چەندین کێشەی وەکو سیناریۆی ڕەش وجەنگی ناوخۆ وململانێی تائیفی وقەومی وعەشیرەیی بۆزیادبووە. خەڵکی کوردستان دەیان ساڵ بەرلەئێستا بڕوایان وابوو کەتەنها ڕێگاچارەی کێشەکەیان جیابوونەوە وپێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە وقوربانییەکی زۆریان بۆی داوە. بەدوای ڕووخانی ڕژێمی صدامدا دەرفەتێکی تەواو لەبار هاتەئاراوە بۆ عەمەلیکردنەوەی ئەم خواستە جەماوەری وسەرتاسەرییە، کەچی دەبینین بزووتنەوەی کوردایەتی کردیانە قوربانی سازدانەوەی عێراقێکی عەروبی-ئیسلامی. بۆچی؟ چونکە مانەوەی کێشەی کورد بەهەڵواسراوی، وەرەقەی قومارێکە کەسەرانی ناسیونالیزمی کورد هەمیشە تیایدا براوە دەبن وخەڵکیش دۆڕاو.

بەڵام درەنگ یازوو کێشەی کورد دەبێ لەڕیفراندۆمێکی ئازادانەدا بڕیاری لەسەربدرێ ویەکلایی بکرێتەوە. ئەم خواستە وئەم مافە لەڕووی سیاسی ومێژوویی وکۆمەڵایەتی وتەنانەت ئەخلاقیشەوە بەڕادەیەك هەمەگیر وسەرتاسەری بۆتەوە، کەسەرانی ناسیونالیزمی کوردیش دەستیانداوەتە ئیحتیواکردنی. بزووتنەوەی ڕیفراندۆم هەوڵێکی نەزۆکە لەم ڕاستایەدا. نوسخە ومۆدێلی سیاسی ناسیونالیزمی کورد بۆ هەڵپەساردنی مەسەلەی کورد هەرچییەك بێت، خەڵکی کوردستان کیشە ومەسەلەیان جیابوونەوە وسەربەخۆییە، ودەشزانن تەنها لەڕیفراندۆمێکدا ئەم کارە مومکنە. هەروەها لەکاتێکدا کەبەزەبری چەکڕاکێشانی دوو حیزبی قەومی–عەشیرەیی خەریکە کوردستان ئیلحاق دەکرێتەوە بەعێراقەوە، وچارەنووسی ئەم خەڵکە ستەمدیدەیە سەرلەنوێ ئەبەسرێتەوە بەبارودۆخی ناهەمواری سیناریۆی ڕەشەوە، بەڵام هەنگاونان بەرەو جێبەجێکردنی ڕیفراندۆم سەرەتای هاتنەدی ئاواتەکانی ئەم خەلکە، وکردنەوەی دەرگایەکی ئومێدە لەبەردەم خەلکی عیراقدا بۆ دەربازبوون لەم لیتاوە. سەد هێندەی تر لاپەڕەی ڕۆژنامە ڕووڕەشەکانتان سپیتربکەنەوە وبیڕێسن، ئەوەی لەساتوسەوداتان لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا پێیگەیشتوون، ئەگەر لەحوکمی زاتییەکەی ڕژێمی صدام ناچیزترنەبێت زیاتر نییە، وخەلکی کوردستان وئایندەکەشیتان هاویشتۆتە ناو گیژاوێکی واوە کەچەندهێندەی سەردەمی دەسەڵاتی ڕژیمی بەعس ترسناکترە بۆیان. خەڵکی کوردستان ئەمە دەزانن ولەدەرفەتێك دەگەڕێن یەخەیان لەدەستان بکەنەوە.

بەمپێیە سەرەڕای هەر فڕوفیشاڵێکی ناسیونالیزمی کورد ودەزگاکانی درۆچنینی ڕۆژئاوایی، بۆ پاڵپێوەنانی خەڵکی کوردستان بۆ پشتی گاڵتەجاڕی دەستوور وفیدراڵیزم، مەیل وخواستی جیابوونەوەی کوردستان وپێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەپانتایی کوردستان شەپۆلدەدات ولەگەڵ هاتنەمەیدانی ئیرادەی ئازادانە وڕاستەوخۆی خەڵکی کوردستاندا، سەرچاوەی حەیاتی بزووتنەوەی کوردایەتی ووشکدەکات، ودەورودوکانی دەستوور ومەستووریش ئەپێچرێتەوە. کەمپینی ڕیفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان سەرمەشقی ئەم خەباتەیە وهەرئێستا بەهەموو توانایەوە بۆ یەکخستنی ئەم خواست ومەیلە تێدەکۆشێت. وەرن بەڕێکخراوبونتان لەدەوری ئەم ڕێکخراوە نـایەکی بەهێز بڵێین بەسیناریۆی دەستوور.

2005-9-54